www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:21 27-4-2006

## ئەو وولاّتانەی کە ئاسایش و پۆلیسیان زۆرە.. !! م. حەمید عەزیز



دەسەلاّتێک کوتەک بەدەست بێت و تینوێتی میللەتی بەشەق بشکێنێ لەکۆتایدا ئەودەسەلاّتە ڕسوا ئەبێ و ئەچێتە ناو زبڵدانی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژویەک کەدەسەلاّتی تر ئەو تاریکی یەی نەبینیبێ بۆیە دەسەلاّتێک خۆی دادپەروەرو ڕاستگۆو دیموکرات نەبێت هەزاران هەزار پۆلیس و ئاسایش فریای نەفرەت و ڕقی پیرۆزو هێرشی ڕاپەڕینی میللەتی ناکەوێت. کەسیش هێندەی سەدام و شای ئێران و میلۆزۆڤیچ و مۆسۆلۆنی و شاوشیسکۆو پۆلیس و سەربازی نەبووە بەلاّم بەو دەردە چوون کەئەیزانین، بەلاّم ئەوەی کە سەیرە نەبۆتە وانەیەک بۆ دەسەلاّتە دیکتاتۆری یەکان.. !.

بەئاشکرا دیارە کە وولاّتە دوواکەوتووەکان وولاّتی دیکتاتۆرین و نمونەشمان لەوولاّتانی ناوچەی ڕۆژهەلاّت زۆرە وەک و وولاّتە عەرەبی یەکان و تورکیاو ئێران و زۆربەی وولاّتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاّتیش دەگرێتەوە کەهەمان سیستمی بێکاری و بێ ڕێزی یە بەرامبەر هاوولاّتیانی هەیە.

ئەم دەوڵەتانە لەبەرئەوەی هەتا ئێستا هەڵبژاردن و دیموکراتی تێدا نی یە ڕۆژ بەڕۆژ خراپترو سیستمە دیکتاتۆری و ناڕاستەکانیان لەباری مرۆڤایەتی یەوە پتر دەبێت و خەڵکی باشی وولاّتەکانیان و ڕۆشنفیکرەکانیان وولاّت بەجێ دێڵن و خەڵکی بێگانە جێگایان دەگرنەوە و گەورەترین هەڵەیە کەڕێز لەهاوولاّتی خۆت نەگریت و هانی بدەیت بڕوات بۆ دەرەوەی وولاّت پێویستە دەسەلاّت ئەوەندە ڕێز لەخەڵک بگرێت کە خەڵک هەست بەهاوولاّتی بوونی خۆی بکات چوویتە هەر وولاّتێک کەبینیت ڕێژەی پۆلیس و ئاسایشی زۆرە ئەوە بەبێ یەک و دوو ئەبێ بزانی ئەو وولاّتە تاکڕەوی یە و لەنەتەوەکەی خۆی دڵنیا نی یە.

لەکوردستانی باشوریش پۆلیس و ئاسایش لەهەموو شتێکی تر زیاترە لەوەش خراپتر دامەزراندنیان وەک پۆلیس یان ئاسایش لەسەر بەتووانایی یان زیرەکی یان پلەی خوێندەواری نی یە بەڵکو لەسەر بنەڕەتی خزم خزمێنەو هێنانی تەزکی یەی حیزبی یە بەباشترین پارەی مانگانە دادەمەزرێن و بەشێوەیەکی زۆر ناشارستانی پەروەردە دەکرێن و وانەی یەکەم ئەوەیە کەچۆن بتوانێت بەشەق لەخەڵکی هەڵبات و چۆن هەستی خەڵک بریندار بکات و چۆن خۆپیشاندان سەرکوت بکات و چۆن عەرەبانە بشکێنێت.. هتد. بەلاّم ئەفسوس هەمان سیستمی بەعس کەپیادە دەکرێ بەهەمان شێوە خاوەن بڕوانامەکان بێکارن و هیچ ڕێزێک نی یە بۆیان کەئەگەر حیزبی نەبن، بەکورت و کرمانج بڕوانامەو زانست پولێ ناکات لای دەسەلاّتدارانی باشور. ئەو پۆلیس و ئاسایشانەش خولی ڕۆشنبیری یان وانەیەکی فێرکردن یان زانستێک ناخوێنێت تەنانەت زۆربەیان نەخوێندەوارن هەربۆیە وەک بەربەری یەت ئەکەونە گیانی خەڵکی و بێ بیرکردنەوە بەقسەی لێپرساوەکانیان خەڵکی ئازار دەدەن و بێزار دەکەن زۆر جاریش سەرانە لەخەڵک وەردەگرن و تاوانەکان خۆیان دەیکەن.

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێ یەک کەناوی (کاک ئەردەشێر عوسمان) ە وولاّتی بەجێهێشت و ڕوی کردە هاندەران سەری نا بەغوربەتەوەو بەرەو چارەنوسێکی نادیار ڕۆی، لێیان پرسیبوو بۆ وولاّت بەجێدێڵیت؟؟ تۆ گەنجیت پێویستە ئەو توواناو گوڕەی تیاتایە لەنیشتمانی خۆت سەرفی کەیت و میللەتەکەتی پێ پێش بخەیت چی ئەکەیت لە هاندەران؟ ئەویش بەم شێوەیە وەلاّمی دابوونەوە: (من تازە زانکۆم تەواو کردووە و ئەندازیارم، بەخۆم و بەڵگە نامەو بڕوانامەکەشمەوە چووم ئیش بکەم و دابمەزرێم، بەلاّم

نەتەماشای خۆمیان کردو نە بڕوانامەکەم پێیان ووتم: بڕۆ تەزکیەی حیزب بهێنە ئینجا وەرەوە بۆئێرەو داوای ئیش بکە) . ئێمە هەموومان ئەزانین ئەمە ئاسەوارو ڕەوشتی بەعسە بۆ پەیڕەوی دەکەین؟ ئەی باشە ئەم هەموو خوێنە بۆدرا؟ لەپای چی شۆڕش کراوماڵی خەڵکیان وێران کرد؟ خۆ بەزمەکە هەر هەمان تاس و حەمامە. زۆر بەداخەوە کەمرۆڤ بەو شێوەیە هەڵئەسەنگێندرێ و ڕێزی لێناگیرێ.. ! ئەی باشە ئەو هەموو قسە زلانە چی یە ئەیکەن لەڕاگەیاندنەکانیانەوە... وەک دیموکراتی و ئازادی و سەربەستی تاک و ڕەخنەو.. هتد. باووەجو سەدامیش هەمیشە باسی ئازادی و دیموکراتی دەکرد جا توخوا ئەمە جێی پێکەنینێکی گریاناوی نی یە؟؟.

M_Hamidaziz@hotmail. com